کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4-9-2007 1:05

## فیفتی بە فیفتییەکەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ... بابۆ خاوێی

Babak_76@hotmail. com

زۆر شت هەن کە لە دێرزەمانەوە لە ناو کورددا هەڵبەت لە ناو ئەو حکومەتانەی کە زاڵ بوون بە سەر کورددا بایەخ و گرنگییان پێ نەدراوە هەر بەو چەشنەی کە لە ساتەوەختی ئێستادا گرنگی بە میدیای ئازاد نادرێت و ئەمەش لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی کوردی زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستی بە بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بۆن و بەرامەی ئازادی و لە سەروی هەموویانەوە دەربڕینی دەنگەکانە لە ڕێگەی میدیای ئازاد و سەربەخۆوە، بەڵام بەداخەوە تازە بە تازە حکومەت بە هۆی چەند ئامرازێکەوە هەڵدەسێت بە سەرکوت کردنی هەرچی دەنگی سەربەخۆ و ئازاد و کاریگەر



کە دوو لە ئامرازانە برین و یان کەمکردنەوەی مینحەی ڕۆژنامەکان و گەورە کردنەوەی سەندیکایەکی کارتۆنی ڕۆژنامەنووسانە.

هەمیشە گوێمان لێ بووە و دەزانین کە یەکێك لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ناوەند یان ڕێکخراو یان سەندیکا ... کار و چالاکییەکانیان بووە، بەڵام تا ئێستا هیچ چالاکییەکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانمان نەبینیووە و تەنانەت تا ئێستا لە سەر مەسەلەی برین یان کەمکردنەوەی مینحەی ڕۆژنامە سەربەخۆکان بچووکترین هەڵوێستیان بە چاك یان خراپ دەرنەبڕیووە و باشتر وابوو هەر نەبێ بۆ خۆ شیرین کردنی خۆیان لای ڕۆژنامەوانەکان لە بری قسەی نەستق و بردنی چەند کەسێکی دیاریکراو بۆ خول و ... هەر نەبێ بەیاننامەیکیان دەربکردایەت، بەڵام نەیکرد و پێموا نییە هەرگیزیش بیکات، چونکە ئەگەر ئەم کارە کە یەکێك لە ئەرکە ڕاستەقینەکانی نەك تەنها سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە، بەڵکو ئەرکی هەر سەندیکایەکی پیشەییە بکات ئەوا الی "ماشاالله"هەر حزبێك لە لای خۆیەوە هەڵدەسێت بە دەرکردنی نوێنەرەکەی خۆی و بەم شێوەیەش سەندیکا بێجگە لە بنکەیەکی حزبی کە ئێستا بووە بە بەرێك لە نوێنەری هەموو حزبەکان هیچی تر نییە کە ئەمەش هەر دەکاتەوە فیفی بە فیفی یەکەی جاران!

هەر ئەم برادەرانە کە ئێستا سیاسەتەکانیان زاڵە بە سەر سەندیکادا و تەنانەت سیاسەتەکەیان پەیڕەو پڕۆگرامی سەندیکاشە، ساڵانێك بوو بە تایبەت لە شەڕی ناوخۆدا بۆ ڕۆژنامەنووسێك دەڕۆشتن بە ئاسماندا بۆ ئەوەی دێڕێکیان لە سەر بنوسێت کە چی ئێستا ئەوەی بە لایانەوە خۆش نەبێت درووستکردن و هاندانی ڕای گشتییە بەرامبەر بە خۆیان و سیاسەت و مەرامە ناپیرۆزەکانیان و هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە تا بڕوات ڕۆژنامەنووس فراوانتر و چالاکتر دەبێتە ئەگەرچی سەندیکاشیان نەبێت.

پێموانییە کەس لە کەمتەرخەمی و بێ دەسەڵاتی و گەندەڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بە ئاگا نەبێت و ئەگەریش کەسێك بێ ئاگا لەم بابەتە بێت و بە خۆشی بڵێ ڕۆژنامەنووس بە دڵنیاییەوە ڕەنگە ئەویش لە لایەن حزبێکەوە بەڵێنیان پێدابێت کە ببێتە نوێنەر یان پاڵێوەری ئەو حزبە لە کۆنگرەی داهاتووی سەندیکادا، کەواتە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و تەنانەت خوێنەران با هەمووومان هەستین بە بەرنگار بوونەوەی سیاسەتە ناڕەواکانی سەندیکای ڕۆژنامەوانی کە تێدەکۆشێت بە پیشاندانی ڕواڵەتی ڕۆژنامەنووس بەو شێوەیەی کە خۆیان و حزبەکان دەیانەوێت کە دواین ژەهری ئەم سیاسەتەیان برینی مینحەی میدیای ئازادە و بێگومان دوای ئەمەش تیر هاویشتنەکانیان بۆ کۆمەڵگای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەدەنی و دیموکراسییەت و لە سەرووی هەموویانەوە میدیای ئازاد کە هاندەری درووست بوونی وەها کۆمەڵگایەکە نابێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.